### لەیادی 11سالەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا

# بژی ئازدای، یەکسانی، جمهوری سوسیالیستی

لەژیر دروشمەکانی "بژی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری" "بژی ئازادی و یەکسانی ،جمهوری سوسیالیستی" بەبۆنەی یانزەهەمین سالەی دامەزراندنی حیزبەوە، ریکخراوی دەرەوە لەولاتانی ئەوروپاو کەنەداو ئوسترالیا، هەلدەستی بەسازدانی چەندین مەراسیم و ئاهەنگیران و چالاکی سیاسی و رۆشنبیری . لەم چالاکی و مەراسیمانەدا ویرای خویندەنەوەی وتارو پیشکەشکردنی کۆری سیاسی لەلایەن هاوریانی رابەری حیزب وکادران و بەرپرسیارانی پرۆژەکانی حیزبەوە، بەزمانەکانی عربی و کوردی و ئینگلیزی، کەتایبەت دەبن بەمیژووی دامەزراندن و رابردووی خەباتیك کە حیزبی کۆمۆنیستی کرکیاری عیراق لەپیناو ئازادی و یەکسانی و داهاتوی خۆشگوزەرانیدا لەخۆی نیشانداوە ، هاوکات چەپکەگولی رەنگین پیشکەش بە کەس وکارو دۆستانی نزیکی هاوریانی گیان بەختکردوانی ریگای ئازادی و سیوسیالیزم دەمکری و پیشانگای وینەیی بۆخستنەرووی چالاکی و تیکۆشانەکانی حیزب لەولاتانی دەرەوە نیشان دەدری. شایانی باسە بۆ ئەم مەراسیم و ئاهەنگانە چەندین لایەنی چەپ وکریکاری وکەسایەتی ناسراو بانگهیشت کراون بۆ خویندنەوەی پەیام و ئاشنایەتیيان بە میژووی دامەزراندنی حیزب و سیاسەتەکانی لەمەیدانە جۆربەجۆرەکاندا...

مەراسیمەکان لە24 /2004/7 لەئەلمانیا لەشاری کۆلن، سویسرا، لەشاری بیرن، ئوسترالیا، لەشاری سدنی و رۆژانی دواتریش لەبریتانیاو فیتلاند و وولاتانی تر دەبەستری.کات و شوینی تایبەتی ئەم مەراسیمانە لەراگەیاندنی محلی ریکخستنەکاندا بلاودەکرینەوە..

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

ریکخراوی درەوە

2004/7/14